دواین قارەمان

مەنسوور تەیفووری

کەسێک، ژنێک، پیاوێک، ئارام و بێ جووڵە، وستاوە و سەیری تۆ، یان شوێنێکی نزیک تۆ، کەسێک لە پشت سەری تۆ، کەسێ لە لای ڕاست، یان چەپی تۆ دەکات: ئەو هەندێ جار ژنێکی زۆر جوانە بە جلی شەوەوە، یان کوڕێکی گەنجە بە قاتێکی ڕازاوەی تازە و کڕاواتێکەوە، هەندێجار کوڕێکی گەنجی سپۆرتلەبەرە و هەندێجار ژنێکە نیوەڕووت، یان عەبا لەسەرو مانتۆ لەبەر. ئەو هەیە و کەسێکی قانوون تەوەریشە، لە هەموو جێگەیەک پێڕەوی یاسا دەکات: لە تاران جلی سەرتاپێی لەبەردایە و لە سلێمانی هەندێ شوێنی خۆی دەردەخات و لە شاری بچووکتری وەک سنە، لە نێوان تاران و سلێمانیدا دۆش دادەمێنێ.

دەگەیتە تەنیشتی، سەیرت دەکات، سەرەتا کەسێکە وەک هەموو کەسانی دیکە، بەڵام ئارامیی سەیری ئەو ڕاتدەچڵەکێنێ، بە تایبەت کاتێک سەرت هەڵدەبڕی و لێی دەڕوانی کە ئەرێ ئەو مانکێنە و تۆ وات زانیوە کەسێک، ژنێک یان پیاوێک، ناسراو، یان بێگانەیەک کە سەیری تۆ دەکات. سەرەتا هەستی لە ژێر نیگای ئەویدیدا بوون، جۆرێک لە هەست بە بوونت پێدەدات، هەست دەکەیت هەیت و کەسێک سەیرت دەکات و لێرەوە هاوکات سەرەتای یارییەکیش دەست پێدەکات، یاریی سەما لەبەر ئەویدیدا کە وەک ژیژەک دەڵێ: بوونی ئێمە سەمایەکی بەردەوامە لە بەردەم ئەویدیی گەورەدا (زمان یان کۆمەڵگا)، بەڵام کە سەر هەڵدەبڕی و لێی دەڕوانی، جۆرێک ڕاچەڵەکانت بۆ دروست دەبێت، جۆرێک لە ترسێکی شاراوە، جۆرێک لە تۆقین و خۆ بە سووک زانینیش، ئەو بێدەنگ وەستاوە و سەیرت دەکات، ئەو چاو لە ئاسۆیەک دەبڕێت کە دیار نییە، ئەو چاوی لە ئاسۆی حەشیمەت بڕیوە، ئەو خەڵکەی سەردانی ئەم پاساژەیان کردووە.

پاساژ وەک جیهانی بچووک، وەک نموونەی جیهانی سەرمایەداریی هاوچەرخ، ڕەنگە سەیرترین جێگەی شار بێت، شوێنێک بۆ تێڕامان. لە نێو پاساژیشدا ئەگەر پاساژ نموونەی جیهانی هاوچەرخ بێت- واقیعیترین مرۆڤەکان هەمان مانکێنەکانن. مانکێن وەک نموونەی ئیلاهیی هێز، وەک هێزێکی ئاسمانیی کە توانای چاودێریکردنی هەیە. لای بۆرخس، گۆڕستان سەیرترین شوێنی جیهان بوو و لای جادووگەرانی کۆن، ئاسمان، ئاسمانێک کە دەیڕوانی و بە نیگایەکی قووڵ و دوو چاوی گەورەوە چاودێریی هەموو شتێکی دەکرد، ئاسمانێک کە جێگەی «ناظر»ی گەورە و جێگەی شاهیدان بوو، جێگەی ئەو بوونەوەرە بانزەمینیانەی هەموو شتێکیان دەنووسی و هیچیان بیر نەدەچوو، جێگەی نیگایەک کە مرۆڤ هەموو تەمەنی لەگەڵی دەژیا و هەموو کردارێکی خۆی بە پێی ئەو ڕێکدەخست و دادەڕشت: ژیان وەک سەمایەک لە بەردەم ئەو نیگایەدا.

پاساژەکان سەیرترین شوێنن: هەر لە بوودلێرەوە تاکو فێردینیان سپلین و والتێر بنیامین، پاساژ شوێنێک بووە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان. پاساژ بە نوور و ڕووناکایی تایبەتییەوە، بە گزنگ و تیشکی دەستکردی نیۆن و بە کاشیکاری تەختی عەرد و ڕەنگامەیی و جۆراوجۆری خۆیەوە شوێنێکی بە تەواوی ئازدە. هەموومان ئازادین، گەر شتێکیش نەکڕین، بە سەرفی ملکێشان سەردانی بکەین و چێژ لە بینین و بینران وەربگرین و وەک بوودلێر لەوێ «بە حەمامی حەشیمەت تەڕبین»، بەڵام لە ناخیشەوە شتێک هەیە کە هەست دەکەیت لە پاساژدا لە ئازادییت دەدات، هەموو شتێک ڕووناکە، ویترینی دووکانەکان هێند پاکوخاوێنن، هەست دەکەیت زۆر سانا دەتوانی دەست ببەیت و شتێک هەڵبگریت بێ ئەوەی کەسێک بەرت پێ بگرێت، هەست دەکەیت تۆ ئەو منداڵەی کە دەست دەبا و لە هەموو شتێک لەتێک لێدەکاتەوە و شتەکان لە زەمینەی خۆیان دەردێنێت و لە زەمینەیەکی دیکەدا دایان دەنێت، لێرەدا ئەوپەڕی ئازادیی هەست پێدەکەیت، هەموو شتێک ڕووناک و سپییە، بەڵام هەر لەبەر ئەوەش کە لەوپەڕی سپیبوون و ڕووناکیدایە، هەر لەبەر ئەوەی لەوپەڕی سەربەستیدایە، جۆرێک ترس لەگەڵ خۆی دەهێنێ.

ئەم ترسە لە جنسی ئەو ترسەیە کە لە جوانیی زۆردا هەیە، هەرچۆن بوودلێر لە جوانیی زۆردا مەرگی دەدییەوە، واتە هەر شتێک مادام تا دوا ڕادەی لۆژیکیی خۆی پەرە و درێژە بدرێ، ڕەنگە لە ئەو سەرەوە بگۆڕێت بۆ شتێکی دژی خۆی. لێرەش، لەم پاساژە نوورانییەدا، شتێک لە ترس هەیە. ئەمەش سەرەتای پرسیارێکە، ئایا لێرە بەڕاست ئازادین کە دەست ببەین و هەڵبگرین، ئایا لێرە هیچ هێزێک بوونی نییە، ئایا لێرە کەس کۆنترۆڵمان، چاودێریمان ناکات. لێرەدایە کە دەگەینە نموونەیەکی دیکە لە چاودێریکردن، لێرەدایە دەتوانین لەو ترسە بگەین کە لە مانکێنەکان هەمانە، ترس لەو نیگا سارد و بێ بن و ناکۆتایە، ترس لەو نیگایە کە سەیری نەدەکردیت و تۆشی هەر بۆت گرینگ نەبوو، لەو نیگایەی کە تۆ لە لای ئەو «تۆ» نیت، تۆ لای ئەو نیگایە تەنیا «بەرخۆرێک»ی، بەرخۆرێک کە نە ئەقڵی هەیە و نە لێکدەداتەوە، کەسێکی و سەرگەردانی، بەرخۆرێک کە دەبێت مانکێن یارمەتیی بدات هەڵبژێرێت و سبەی بە گۆڕینی جلی خۆی داوەتت دەکاتەوە، تۆش بگۆڕێی. لێرە، گەرچی سەرەتا وادیارە کە ڕادەیەکی زۆری ئازادیی هەیە، بەڵام ئازادیی، ئازادییەکە سنووردار و بە پێی نموونە، لێرە کەس ناتوانێت منداڵ بێت، ئێرە شوێنی کۆلێکسیۆنێرە، نەک منداڵ (وەک بنیامین جوێیان دەکاتەوە).

لێرە ئازادیی لەبەر تیشکی نیۆندا تەنیا سیمایەکی ترسناک وەردەگرێ. ئەمە ڕواڵەتی دیکەی پاساژ و ڕواڵەتی دیکەی مرۆڤی ئارامی بەردەم کۆگایەکی زاراوەی گەورەیە، بەڵام ئەم ترسە هەندێجاریش جۆرێک ترس بووە لە جیهان خۆی و ڕەگێک لە پارێزکاریی تێکەڵ بووە. ئەو پارێزکارییەی کە زۆرجار بۆتە ڕق و ڕووبەڕووی جیهانی مۆدێرن و خەڵکانی مۆدێرن کراوەتەوە، بەڵام سەیر ئەمەیە کە گەورەترین مۆدێرنیستە کانیش تێکەڵەیەک بوون لە شەیدایی بۆ جیهانی مۆدێرن و هەروەها بێزاری لەو جیهانە، ئەو خاڵەش کە ترسی مۆدێرنیستێک لە ترسی بنەڕەتخوازێک جوێ دەکاتەوە، وێنا نەکردنی هیچ جیهانێکە لە دەرەوەی جیهانی مۆدێرن، مۆدێرنیستێک بێزار دەبێت، بەڵام بەرامبەر جیهانی مۆدێرن هیچ سەردەمی زێڕین و هیچ شێوەبوونێکی سرووشتی و پاستۆراڵ بەرجەستە ناکاتەوە- واتە ئەو کارەی کە فەندەمێنتالیستێک دەیکات.

پێشتر، سەردەمی پێش سیستەمی سەرمایەداریی مۆدێرن، چاوێک لە ئاسمان سەیری دەکردین و قارەمانەکەی لەسەر زەویی فەرمانەکانی ئەوی بەڕێوە دەبرد و تەنیا ئەو قارەمان بوو. سەردەمی مۆدێرن سەردەمی نەمانی قارەمانەکان بوو. سەردەمی نەمانی کەسێک کە سەرنموونەی ڕەفتار و چاکە بێت و مۆدێلی گەورەی کۆمەڵگا بێت، بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە؟

مانکێن دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بێت، مانکێنیش وەک نوێنەری نەخشەکێش و دیزاینێر، وەک نوێنەری سیستەمێک کە بە نواندن و دانوستاندن دەگەڕێ و بەسەر هەموو کەسێکدا بە مەرجی توانای کڕێن، کراوەتەوە و هەمووان بەیەک چاو سەیر دەکات- واتە هیچیان نا بینێ - قارەمانی ئەم سەردەمەیە، هەڵبەت دیسان بوودلێر وتەنی: ئێمەش قارەمانین، ئێمەی کە بە خوێنی پڕ لە نیکۆتین و ئەلکولمانەوە باری قورسی تەنیابوون هەڵدەگرین، باری قورسی مۆدێرنبوون، ئەمەش هەر ئە و شتەیە کە لای بوودلێر ناوی قارەمانیگەریی یان هێرۆییسمی مۆدێرنە.

بەڵام دەبێت توخمێک بدۆزینەوە کە جیهانی مۆدێرن لەو فەزا جادوویییەی کە بە جۆرێکی ناڕاستەوخۆ بۆمان وێنا کرد، جوێ بکاتەوە، توخمێکی ڕزگاریدەر کە بۆ ڕزگاریی لە جادووی جیهانی مۆدێرن، ڕێگەی جیهانی مەحاڵ و ڕێگەی ڕق و ڕێگەی سەردەمی زێڕینی وەحدەتمان بۆ وێنا نەکات و بەرەو باخەکانی شەدداد، یان کۆماری فاشیستیی ئەفلاتوون، یان ئیمپراتووریای ئیسلامیمان نەبات.

جارێکی تر دەرهاویشتە چڕکراوەکانی ئەم ڕامانە کۆ بکەینەوە: هەست دەکەین ئازادین، کەچی سەیر دەکرێین، هەست دەکەین هەڵدەبژێرین، کەچی داوا و ویستەکانمان لە لایەن سیستەمی سەرمایەداریییەوە دیاریکراوە. ئەمە پوختەی وتەکانمانە و هەست دەکەین ئازاد و هەڵبژێرکار نین. دەستێک بەسەر مانکێنەدا دێنی، هەموو شتەکان جارێکی تر بە زەینتدا دێنیتەوە، ئەو هەر وا سەیری دوور دەکات و تەمەننایەتی بجووڵێ و ئازاد بێت، هەست دەکەیت ئەم جیهانە هێشتا دەرفەتێکی دیکەشی هەیە، دەستێکی تر لە کراسی بەر مانکێنەکە دەدەیت، بزەیەک دەتگرێ و بە جێی دێڵی و هەست دەکەیت، گەر نەختێکیش بێت، ئازادیت: بە جێی دێڵی و دەڕۆی: تۆ قارەمانیت، قارەمانی گەڕانی بێ کۆتایی، قارەمانی تاقیکردنەوەی بەردەوام، قارەمانی شۆڕشێک کە هیچ پشت و پەنایەکی دەرەکیی نییە، تۆ دەتوانی لۆچەکانی ئەم جیهانە بکەیتەوە.

ئەم ترسە لە جنسی ئەو ترسەیە کە لە جوانیی زۆردا هەیە، هەر شتێک مادام تا دوا ڕادەی لۆژیکیی خۆی پەرە و درێژە بدرێ، ڕەنگە لەو سەرەوە بگۆڕێت بۆ شتێکی دژی خۆی.

پاسە سوورەکە

هیوا قادر

پاسە سوورەکە

کاتێک لە دەروازەکەی باخچەی ئاژەڵانی «سکانسن» هاتبوومە دەرەوە و لەبەردەم ویستگەکەدا لەدوای ئەو ڕیزە منداڵەوە وەستابووم بۆ سواربوونی پاسە سوورەکە، منیش وەک ئەوانم لێهاتبوو، پاسەکەی ئەوان بەرەو سەنتەری شاری ستۆکهۆڵم دەڕۆیشت و ئەوەی من بۆ جێیەکی تر کە لەسەر پاسەکە نەنووسرابوو. کاتێک لەسەر کورسییەکەم بێ گوێپێدانە دەنگەدەنگی منداڵەکان و دەستڕاکێشانیان بۆ ئەو جێگایانەی لە پەنجەرەی پاسە سوورەکەوە دەیانبینی، دانیشتم، منیش لە پەنجەرەی پاسەکەوە دەستمکرد بە سەیرکردنی ئەو جێیانەی ئەوان نەیان دەتوانی ببینن، یاریکردن لەناو ئەو دوو زەمەنەدا بۆ من وەک سەیرکردنی ئەمدیوو و ئەودیووی چاوی ئەکرۆباتێک وابوو کە بەسەر پەتێکدا بڕوات. لە دیوێکمدا لەناو پاسە سوورەکەدا لەگەڵ ئەواندابووم، لە دیووەکەی تریشدا لە پاسێکی سووری تردا دانیشتبووم و بەناو شاردا دەگەڕام و تژیبووبووم لەبەردەم بینینی ئەو شوێنانەدا کە بۆ یەکەمجار دەمبینین، سەفەری پاسە سوورەکانی منداڵیی من، کونجکوڵی گەڕانی جووچکەیەکی ڕاکردو بوو لەژێر باڵی مریشکێکدا، بۆئەوەی بزانێ دنیا جگە لەژێر باڵی دایکی، چی تری تێدا هەیە. لە دیوەکەی تریشمدا لەناو ئەو دەنگەدەنگی منداڵانەدا، وەک ئەوەی بە کۆنترۆڵێک هەمووان بێدەنگ بکەم، بێدەنگم کردبوون، کەوتبوومە نووسینی ئەو پارچە وەرەقەیەی لە جزدانەکەمدا دەرمهێنابوو، یەکەم دێڕ ناوی شیعرەکەم نووسی، «پاسە سوورەکە»، گورزە خۆرێک لە عەجوولیی لە چاومدا بوو، دەمویست یاریی لەنێوان دیمەنەکان و زەمەنەکاندا بکەم، «پاسە سوورەکە بردمی بۆ بەندەرە شینەکە، ئەوێ بۆنی ماسی لێ دەهات، مراوییە پەڕ چەورەکانیش چاوێکیان هەر لە وردە سەموونی دەستی پیرێژنەکان بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت: ئەگەر تۆ لێرەبوویتایە، نە باسی ماسیمان دەکرد و نە لای مراوییەکانیش دەوەستاین، بە پاسە سوورەکە هەموو شار دەگەڕاین، لێشم دەشاردیتەوە پێش ئەوەی بێیت، دڵم لێیدابوو کە هەر دێیت».

وێنە نووسراوە تەواونەکراوەکانم لەسەر پارچە وەرەقەکە خستەوە ناو جزدانەکەم و لە سەنتەری شار لە پاسە سوورەکە دابەزیم، کەوتمە ناو شەپۆلی خێرا ڕەوتی ڕێبوارەکان و چوویە ناو تونێلەکانەوە، بەسەر شۆستەی بەر قیتارەکاندا دابەشبووین. بەدەر لە خەیاڵاتی ناو شیعرەکەم بیرم لای ئەو ژن و پیاو و منداڵە پەناهەندەیە بوو، کاتێک لە باخچەی ئاژەڵان لەگەڵ هاوکارەکانمدا لە بەردەم بەڕێوبەرەکەدا وەستابووین، باسی شێوەی زاوزێ و خواردن و سەفەرەکانی ئەو پۆلە قاز و قولنگەی بۆ دەکردین کە لە یەکێک لە چیمەنە تەڕەکانی ئەوێدا نیشتبوونەوە، لەویادا، ئەو منداڵەی کە تا پێش چەند چرکەیەک پێ بەپێی دایک و باوکی دەڕۆیشت، بەردێکی هەڵگرت و کەوتە ڕاکردن بەدوای قاز و قولنگەکاندا، دایکەکە زۆر بە توڕەیی و هەستکردن بە خەجاڵەتییەوە دەستی منداڵەکەی گرت و بەدوای خۆیدا ڕایکێشا، تا ئەو کاتەش منداڵەکە هەر ئاوڕی دەدایەوە و چاوی هەر لەسەر قازەکان بوو، بەڕێوبەرەکە بەئێمەی وت: گەر ئەو منداڵە منداڵی من بێت، دەزانن چی لێ دەکەم؟ هەموومان خەیاڵی وەڵامگەلێک بۆ لای خۆی بردین و کەچی هیچیشمان نەوت، بەڵام ئەو وتی: گەر ئەو منداڵە منداڵی من بوایە، خەڵاتم دەکرد، چونکە ئەو منداڵە سەلماندی کە بۆماوەی ئینسانیی ئەو بۆماوەیەکی ڕەسەنە، بۆیە دوای قازەکان کەوت، چونکە ئینسان لە سەرەتاوە ژیانی وەک ڕاوچییەک لەسەر ئەم ئەستێرە شینە دەستپێکردووە. هەڵگرتنی ئەو خەسڵەتە و مانەوەی لەو منداڵەدا نیشانەی ڕەسەنایەتییەتی.

وەستانی یەک بە دوای یەکی قیتارەکە لە وێستگەکان و چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوەی موسافیرەکان، خەیاڵیان لەگەڵ خۆیان دەبردم و دەیانهێنامەوە، بەخۆم دەوت ئەی من دەبێت بەم گەورەییە دوای چی بکەوم؟ خەسڵەتی شاعیربوون لە منداا دەبێت ڕاکردن بێت بەدوای چیدا؟ خەسڵەتێک کە بۆماوە نییە، ئەوەندەی دەستکردێکی جوانپەرستی و مەعریفییانەی ئینسان خۆیەتی، بەڵام دیسانەوە وێنەی پاسە سوورەکە و نەخشەی شیعرەکەی ناو جزدانەکەم خستمیانەوە ناو خەیاڵی سەفەرەکان. کردمیانەوە بە ئەکرۆباتەکە، تۆ بڵێی نووسین و باسکردنی ئینسانەکان جۆرێکی تر نەبێت لە ئەکرۆباتبازیی؟ واتا نووسەریش لە کاتی نووسیندا هەمان کاری ئەکرۆباتی بکات و دواتر گێڕانەوەکانی خۆیمان بخاتە بەردەم. لەکاتێکدا پاڵەوانبازییەکەی نووسەر تەنها بردنی خۆی نییە بەسەر ئەو پەتەدا، بەڵکە بردنی خەون و خەیاڵ و تەمەناکانی خۆی و ئینسانەکانی ترە لەگەڵ خۆیدا و گواستنەوەیانە بەسەر ئەو پەتە باریکەدا. ڕەنگە نووسینی باش ئەو نووسینە بێت کە باس لەو پەرینەوە ترسناکە بکات، کردەی نووسەر و ئەکرۆبات زۆر لەیەکتری دەچن، نووسەر گەر نووسەرێکی خراپ بێت ناتوانێت خوێنەران بەسەر پەتی خەیاڵی خۆیدا بپەڕێنێتەوە، ئەکرۆباتی خراپیش کەس نایەوێت سەیری بکات بۆ ئەوەی خەیاڵی ئازادی خۆی نەکوژێت. تەنهایی ئەم دوو کارەکتەرە لەیەک ڕووەوە زۆر لەیەک دەچن کە هەردووکیان بەسەر پەتەکانیانەوە تەنهان. مەرگی هەردووکیشیان لەبەردەم ئینسانەکانی تردا یەکسانە، ئەو لە ناو نووسینە خراپەکانیدا دەمرێت و ئەمیان لەبەردەم ئەو بینەرانەدا دەکەوێتە خوارەوە کە سەیری دەکەن.

ئەم گزشەیە مانگی جارێک (هیوا قادر) دەینووسێت.